## وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن

### ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە مادەی (٨) وە ئاماژە بە برگەی (٧) لە مادەی (٢) لە یاسای ژمارە(١٨) ی ساڵی (٢٠٠٦)ی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ونیشتەجێ کردن وە پاڵپشت بە کۆنووسی لێژنەی هاوبەشی وەزارەتمان لـە گـەڵ وەزارەتـی نـاوخۆ لـە ٢٠١١/٩/١٩ وە ئامـاژە بـە نووسـراوی وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە(٢٦٨٥٣) لـە ٢٠١١/١١/٣٠ بۆ کارکردن بە دەقی یاسای ژمارە (٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٢) ی هەموارکراو وە لە دەر ئـەنجامی ئـەو گۆرانکاریانەی لە ئێستادا هاتۆتە کایەوە لە جۆری ئوتۆمۆبیلە بارهەلگرەکان بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایە :-

یەکەم/لە کاتی نوێ کردنەوەی ساڵانەی ئوتۆمۆبێلە بارهەڵگرەکان دووریـەکانی ئوتۆمۆبێـل و ژمـارەی ئەکسل و (سحال) تۆمار بکرێت لەسەر ساڵانەی ئوتۆمۆبێلەکان وە لەکاتی هەر گۆرانکاریـەك پێویـستە لەسـەر سـاڵنامەکە ئاماژەی پێ بدرێت ٠

دووەم/مەڵبەندەکانی کێش(سحال) و ئەکسل هەژمار ناکەن بۆ کـێش کـردن لـەم حاڵەتانـەی خـوارەوە ، وە سـزای سەرپێچیکەران دەدرێت بەپێی یاسا ٠

أ/ئەگەر لە بنەرەتدا نەبووبێت و لە ناوخۆدا زیاد کرا بێت بەبێ ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچـۆ و تۆمـار نەکرابێ لەسەر ساڵانەی ئوتۆمۆبێلەکە٠

ب/تایەی (سحال) هاوشێوەی قەبارەی تایەکانی تری نەبێت (بچووك تر بێت) ٠

ج/بازگەکانی پۆلیسی هاتووچۆ ئاگاداری سەرپێـچیکەران دەکەنـەوە لەوحالەتانـەی سـەرەوە وە مـەفرەزە گەرۆکـە هاوبەشەکان سزای سەرپێچیکەران دەدەن بە پێی یاسا لەکاتی بەرزکردنەوەی (سحال) بە بارەوە ٠

سێ یەم/پابەندبوونی پۆلیسی هاتووچۆ بەکاتی کارکردنی بنکەکانی کێش لە ماوەی(٢٤)کاتژمێردا ٠

چوارەم/کاراکردنی تیمی گەرۆك لەسەر رێگاکانی دەرەوە بۆ چاودێری کـردن و سـزادانی سەرپێـچیکەران و رێگـرتن لەدزەکردنی ئوتۆمۆبێلە بارهەڵگرەکان لەسەر ئەو رێگایانەی کەگومانی سەرپێچی کردنی لێ دەکرێت ٠

پێنجەم/پابەندبوون بەو پێوەر ورێنمایانەی کە بۆ ئوتۆمۆبێلە بارهەلگرەکان دیاری کراوە لەلایەن وەزارەتـی ئـاوەدان کردنەوە ونیشتەجێ کردن بلاّودەکرێتەوە بەووردەکاری و وێنەی روون کاریەوە لە ژێر ناونیشانی خشتەی بارهەلگرەکان لە هەرێمی کوردستان عێراق

شەشەم/بە مەبەستی رێكخستنی باری سەربار(تەنها ئەو حالەتانەی كەلە یاساكە رێگەی پیَ دراوە)وە هاوشێوەكردنی و پیادە كردنی بەیەك پێوەری یەكگرتوو لە هەرێمی كوردستان – عێراق لە سنوری هـەر سـێ پارێزگـا و ئیـدارەی گەرمیان و نوێنەری بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ ونوێنەری (وەزارەتـی ئـاوەدان كردنـەوە و نیـشتەجێ كـردن – سەرپەرشتیاری بنكەكانی كێش) سەردانی هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان دەكەن بۆ دیاری كردنی رێژەی كێشی سەربار بۆ ئەم بوارانەی كە لە یاساكە رێگەی پێدراوە بە دەر لە پێوەرەكانی دیاری كردنی بار ٠

حەوتەم/ كار بە هیچ پێوەرێكی پێشتر ناكرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە ٠

هەشتەم/ئەم رێنماییە لە بەرواری ٢٠١٢/١/٣١ كاری پێ دەكرێت وە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بلاَو دەكرێتەوە ٠

**ئەندازیار**
**كامەران احمد عبدالله**
**وەزیری ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن**